# پوختەیەک لەسەر زەکاتی سەر فیترە

[ کردي – کوردی – kurdish ]


## حاجی ئومید چرۆستانی

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**



2013 - 1434

IslamHouse.com

# نبذة عن زكاة الفطر

« باللغة الكردية »


أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2013 - 1434

IslamHouse.com

# پوختەیەک لەسەر زەکاتی سەر فیترە

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە

.

**پێناسەی زەکاتی سەر فیترە :**

بریتیە لەو زەکاتە دیاری کراوەی کە مرۆڤی موسڵمان بە کۆتایی هاتنی مانگی ڕەمەزان و پێش ئەنجامدانی نوێژی چەژن لەسەری واجب دەبێت، بۆ کۆمەڵە کەسێکی دیاری کراو .

**حوکمی زەکاتی سەر فیترە :**

زەکاتی سەر فیترە واجبە لەسەر هەموو موسڵمانێك کە زیاتر لە خەرجی ڕۆژی جەژنی خۆی و ماڵ و منداڵی هەبێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەم ڕیوایەتە : عن ابن عمر رضي الله عنهما : « فرض رسول الله (صلى الله عليه وسلم) زكاة الفطر في رمضان صاعاً من تمر أو صاعاً من شعير على العبد والحر والذكر والأنثى والصغير والكبير من المسلمين » [رواه البخاري في

الزكاة، باب فرض صدقة الفطر (١٥٠٣)، ومسلم في الزكاة، باب زكاة الفطر على المسلمين (٩٨٤) ] .

واتا : عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازێ بێت) دەڵێت : پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) زەکاتی سەر فیترەی بە ئەندازەی صاعێك لە خورما، یان صاعێك لە جۆ، فەرز کرد لەسەر بەندە، و ئازاد، و نێر، و مێ، و بچووك، و گەورەی موسڵمانان .

**حیکمەت لە دانانی زەکاتی سەر فیترە :**

١) چاکە وخێر و ئیحسانە بۆ هەژاران، بەشێوەیەك لە ڕۆژی جەژندا کە هەموو خەڵك دڵخۆشن، بۆ ئەوەی هەژارانیش لەگەڵ دەوڵەمەندەکان دڵخۆش بن، ئەم زەکاتەیان دەدرێتی، چونکە ئەم زەکاتە ئەیانگێڕێتەوە لە داواکردن و دەست پانکردنەوە لەخەڵکی لەو ڕۆژەدا .

٢) ئەم زەکات و خێرکردنە بە هەژاران، ڕۆژووی ڕۆژووەوانان پاك دەکاتەوە لەو ناتەواوی و کەم و کورتیانەی کە لەکاتی گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزاندا ڕوو دەدەن .

**کاتی دەرکردنی زەکاتی سەر فیترە :**

بەهاتنی شەوی جەژنی ڕەمەزان واجب دەبێت لەسەر موسڵمان، کاتەکانی دەرکردنی ئەم زەکاتەش سێ کاتی هەیە : کاتی دروستی (وقت الجواز)، وە کاتی فەزیلەتی (وقت الفضیلة):

کاتی دروستی (وقت الجواز) : ئەوەیە پێش ڕۆژی جەژن بە ڕۆژێك یان بەدوو ڕۆژ دەربکرێت .

کاتی فەزیلەتی (وقت الفضیلة) : ئەو کاتەیە کە لەپاش نوێژی بەیانی یەکەم ڕۆژی جەژن تا پێش ئەنجامدانی نوێژی جەژن دەربکرێت و بدرێت بە هەژاران .

**زەکاتی سەر فیترە : بەکێ دەدرێت ؟**

زەکاتی سەر فیترە دەدرێت بە هەژاران و نەداران و گەداکانی ناو موسڵمانان، بەڵام ئایا ئەم زەکاتە تایبەتە بەو شارەی کە ئەو کەسەی لێ دەژی کە زەکاتەکە دەدات یان دەتوانرێت بنێررێت بۆ جێگەیەکی تر ؟ ڕای دروست و صەحیح ئەوەیە ئەگەر بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان وای دەخواست بنێررێت بۆ

جێگەیەکی تر ئەوە دروستە بنێررێت بۆی و بگوازرێتەوە بۆ ئەو جێگەیە، وەك ئەوەی ئەو جێگەیەی کە زەکاتەی لێ دەردەکرێت هەژار و نەداری لێ نەبوو، یان لێی بوو بەڵام زەکاتی سەر فیترەکە زۆر زیاتر بوو، لەهەمان کاتدا موسڵمانانی تر لەشوێن و جێگەی تر زۆر پێویستیان بەو زەکاتە هەبوو، ئەوا لەم کاتەدا دروستە بنێررێت بۆ ئەو موسڵمانانەی کە پێویستیان پێیەتی .

**ئایا دروستە لەبری زەکاتی سەر فیترە نرخەکەی لەبری قوت و خواردن دەربکرێت ؟**

زانایان لەم بارەیەوە ڕایان جیاوازە :

ئەبو حەنیفە و سوفیانی ثەوری و عومەری کوڕی عەبدول عەزیز و وحەسەنی بەصری و أبو یوسف ( ڕەحمەتی خوایان لێ بێت) پێیان وایە کە دروستە لەبری قوت و خواردن نرخەکەی بدرێت بە هەژاران، ئەویش بە بەڵگەی ئەوەی کە پێدانی نرخی ئەو قوت و خواردنە بۆ هەژاران باشتر و بە سوودترە بۆیان .

جگە لەو زانایانەی کە باسکران، هەر سێ مەزهەبەکەی تر پێیان وایە کە دروست نییە جگە لە خواردن هیچ شتێکی تر بدرێت بە زەکاتی سەر فیترەدا، ئەویش بەبەڵگەی ئەوەی کە

پیغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) بە دەقی فەرموودەی صەحیح خواردنی دیاری کردووە، ئەگەر دروست بوایە ئەوە ئامازەی پێ دەکرد، دیارە حیکمەتیش لەوەدایە کە پیغەمبەر (صلى الله علیە وسلم) دیاری کردووە [سەیری : پەرتووکی مجالس شهر رمضان ـ لشیخ محمد بن عثیمین بکە (لاپەڕە : ٢٢٨) ] .

خوای گەورە لە گوناهی هەموو لایەکمان خۆش بێت و طاعەت و عیبادەت و ڕۆژوو و نزا و پاڕانەوەکانی گیرا کردبین .